سەرۆک وەزیران: حکومەت لەهەوڵی کۆتایی هێنانی هاوپێمانی نێودەوڵەتی لە عێراق

ئەمڕۆ هێینی، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دووپاتی کردەوە کە حکومەت هەوڵدەدات کۆتایی بە هەبوونی هاوپێمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بهێنێت.

لە بەیاننامەیەکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیراندا هاتووە، "محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە دێیڤید کامیرۆن وەزیری دەرەوەی بریتانیا کرد، لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن 2024.

سەرۆک وەزیران لە میانی دیدارەکەدا باسی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و بریتانیای کردووە، و گرنگی بەرزکردنەوە و بەهێزکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات، وتی" عێراق ئەمڕۆ زەمینێکی بێپێت بەرپای کردووە بە وبەرهەنان و کاری ئابووری، و دەرگاکانی وبەرهەنان کراوەن لەبەردەم کەمپانیا بریتانیەکاندا.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت هەوڵدەدات کار لەگەڵ هاوپێمانی نێودەوڵەتی ڕکبخات، هەنگاو بنێت بەرەو کۆتایی هێنان بە هەبوونی ئەم هاوپەیمانە لە عێراق، وهەوڵدەدات هەنگاو بنێت بە پێوەندییە دوو قۆڵییە فرەلایەنەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ئەم هاوپێمانییە.

سەبارەت بە دەخی غەززە، سودانی ئاماژەبەوەدا کە بەپێویستە زلهێزەکان لەسەری خەیان لە کەتاییهێنان بە شەڕی بەردەوام لە ناوچەکانی فەلەستین، و وەستاندنی کاردانەوەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان بگەرن، هەروەها پێویستە هاوڵاتیانی مەدەنی بپارێزرێن و پشکنشکردنی هاوکاری مرۆیی بەپەلە بەیان رەوانە بکرێن، دوای ئەو وەرانکارییە هەمەلایەنەی کە بەهۆی هێزەکانی داگیرکەر لە کەرتی غەززەدا دروست بووە.

لەلای خۆیەوە کامیرۆن ویستی وڵاتەکەی بە فراوانکردنی پێیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەربڕی، بە شێوەیەک کە سوودی هاوبەش بەدەستبهێنێت، جەختیشی کردەوە کە نابێت ئەو پێیوەندییانە سنووردار بکرێن بە لایەنی ئەمنی، کە لە ڕەگەی بەشداریکردنی بریتانیا لە هاوپێیمانی نێودەوڵەتی ڕەکدەخرێت، بەڵکو وڵاتەکەی ئارزووی دروستکردنی فرە هاوبەشی لەگەڵ عێراق هەیە، بەتایبەتی لەووی ئابووری و گەشەپێدانەوە.